**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ساڵی ٢٠١٤**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی پێنجەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ بریارماندا بە : -**

**١- کردنەوەی (بەشی پیشەسازی خۆراك) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچوون و پەیوەست کردنی ئەو بەشە بە(بەرێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی)لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی.**

**٢- کردنەوەی(هۆبەی پیشەسازی خۆراك) لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم وئیدارەی گەرمیان وپەیوەست کردنی ئەو هۆبەیە بە(بەشی پلان دانان و بەدواداچوون) لە هەمان بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان .**

**٣- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوەجێبەجێ دەکرێت ڕێکەوت ٢٨ /٨ /٢٠١٤**

**عبدالستار مجید**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( ٨٩ ) ساڵی ٢٠١٤**

**- کردنەوەی (ئەم هۆبانەی خوارەوە ) لە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .**

**- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٤ .**

**- هۆبەی ١- خۆیەتی ٢- لە دایك بوون و مردن ٣- فایل ٤- هاتووچۆ ٥- بانکی خوێن ٦- کۆگای کەل و پەل ٧- چاودێری چڕ ٨- منداڵان+ ناکام ٩- نەشتەرگەری ١٠- چارەسەری سروشتی .**

**بەیانی ژمارە ( ٩٠ ) ساڵی ٢٠١٤**

**- کردنەوەی (هۆبەی یاسایی) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لە دایك بوونی فێرکاری سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.**

**- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٤ .**

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیـری تـەنـدروستی**